# ئەگەر چاوەکانمان ناعەدالەتییەکانی سەرجەم جیهان نەبینن ئەوا دڵنیابن بیناییمان لە پێڵو خاڵین!



سارا عومەر، دانیمارک
Xozga86@hotmail.com

یونیسێف یەکێکە لە هەرە ڕێکخراوە گەورەکانی جیهان، کە لەپێناوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بە تایبەتی منداڵاندا هەوڵەکانی خۆی تا ئێستا لە نزیکەی 156 وڵاتی جیهاندا بۆ پاشەڕۆژێکی پتەو خستۆتە گەڕ. دیارە ئەم ڕێکخراوە جیهانییە لە ساڵی 1946دا بە یارمەتی یو ئێن کە ئەویش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە و لە پێناوی مافەکانی مرۆڤدا دامەزرا دروست کرا، بەو ئامانجەی کە بتوانێت یارمەتی منداڵانی برسی و هەژار و نەدارانی دنیای پێبدات. یونیسێف ئەو ڕێکخراوەیە کە بە توندی نارەزایی خۆی دەردەبڕێت بەرانبەر بە هەموو کرداریک کە زیانبەخش بێت بۆ منداڵان.

ڕۆژی 10 ی دیسەمبەری ئەمساڵ ( 2007 ) لە وڵاتی ئەفغانستان غوڵام کە کچە منداڵێکی تەمەن تەنها یازدە ساڵانە بە زۆر دەدرێت بە پیاوێک بە ناوی موحەمەد کە خۆی دەڵێت تەمەنم 40 ساڵە، وەلیٚ لە وێنەکەدا زۆر تەمەنی گەورەتر دیارە و هەرگیز لە چل ساڵ ناچێت. ئەو جۆرە کەسانەی کە وەک موحەمەدن و منداڵانی وەک غوڵامی بێتاوان بۆ خۆیان دەقۆزنەوە لە وڵاتەکانی ئەوروپادا پێیان دەوترێت پێدۆفیل. شایەنی باسە ئەم کچۆڵەیە تا ئێستاش پێی نەناوەتە قۆناغەکانی گەورەبوونی خۆیەوە و هەر منداڵێکی پاکە و نازانێت شوکردن واتای چییە هێندە نەبێت دەزانێت کە لە خێزانێکی نەدار و کۆنەپەرستەوە هاتۆتە ژیانەوە و موحەمەدی هاوسەریشی 29 ساڵ لە خۆی گەورەترە و هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستی و هەست و سۆزی پێکەوە ژیان نییە لە نێوانیاندا، لە کاتێکدا ئەو پیاوە بە باوکی دەچێت لە ڕوی تەمەنەوە! وەلیٚ ئەگەر بهاتایە و هەستی خۆشەویستی لە نێوانی ئەو دوو کەسەدا هەبووایە ئەوا دەمانتوانی بڵێین تەمەن گرنگ نییە و تەنها ژمارەیەکە! کاتێک ستێفانی سینکلەیر، کە یەکێکە لە فۆتۆگرافەرە ئەمەریکییەکان و سەر بە ڕێکخراوی یونیسێفە و لە نزیکەوە لە غوڵام دەپرسێت هەستت چییە لەم ڕۆژەدا، ئەویش بە خەمگینی و هەستێکی

ژاکاوەوە دەڵێت؛
" هیچ شتێک، من بە هیچ شێوازێک ئەم مرۆڤە ناناسم، نازانم چیم لێ دەکەن و بۆ وام لێدەکەن، ئیتر لە خۆت بپرسە دەبێت هەستم چی بێت؟!"
دیارە ستێفانی ئەو وێنەیەی لای سەرەوەی غولام و مێردەکەی گرتووە و هەمان ڕۆژیش لە هەموو لقەکانی یونیسێفدا شرۆڤە لەسەر ئەو جۆرە کردارە کراوە و ئەوەی وێنەکەی ببینێت دژی بەزۆر بە شودانی کچان و بازرگانی پێکردنیانە و دەیانەوێت دەنگیان بۆ چەند جارێک بگەیەننە هەموو جیهان. غولامی غەدر لێکراو لەپێناوی پارە و پولدا دەفرۆشرێت و ئەویش وەک منداڵێکی تەنها یازدە ساڵان و لە وڵاتێکی توندڕەوی وەک ئەفغانستاندا تەنها گریانی لەدەست دێت، چون سور دەزانێت نە خێزان پشت و پەنایەتی و نە حکومەتەکەی.
هەمان فۆتۆگرافەر لە پرسیارێکیدا لە دایک و باوکی غولام دەپرسێت کە چۆن ویژدانیان قبوڵی دەکات جەرگی خۆیان بەو کارەساتە ببەن و لە پیاوێکی بە تەمەن زۆر لە خۆی گەورەتری مارە بکەن؟ ئەوانیش زۆر دڵڕەقانە لە وەڵامەکانیاندا دەڵێن؛
" چونکە پێویستمان بە پارەکەی هەبوو، ئەگەر بە ئەویشمان نەفرۆشتایە بە کەسێکی ترمان دەفرۆشت، ئێمە کچ دروست دەکەین بۆ ئەوەی بازرگانی پێوە بکەین و پارەی پێ پەیدا بکەین، بۆ لە ماڵەوە دابنیشێت کە هیچ سودێکی نەبێت!!!"

دەستدرێژکردنە سەر مافەکانی ئافرەتان لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کیشوەری ئاسیا و بە تایبەتیش لە باشور و ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان بەدی دەکرێت، چونکە لەو ناوچانەدا خەڵک تا ڕادەیەکی لە ئەندازە بە دەر کۆنسێرڤەتیڤانە ژیانیان بەسەر دەبەن و گاڵتەیان بە هەموو بیر و باوەڕێکی تر دێت و پەسەندی ناکەن. لەو ناوچانەدا ئافرەتان ڕێگەیان پێنەدراوە فێری خوێندن ببن و لە کوێرەوەرییەکی سەختدا دەژین و ڕەگەزی نێر زۆر زاڵترە و پیاوسالاری خۆیان بەسەر ناوچەکاندا چەسپاندوە و ڕێگای خوێندن و بەدەست هێنانی زانیاری نادەن بۆ خێزانەکانیان و تەنها وەک کەلوپەلی ئاشبەزخانە تەماشایان دەکەن!
منداڵ بە هەموو جوانییەکانی خۆیەوە ئێستاش ئەو کائینە بچکۆلانە میهرەبانەیە، کە زۆرینەی جار دەبێتە هەوێنی ئیلهام و جوانترین تێکست و نووسینی زۆربەی پێنووس دۆستان و بە تایبەتیش شاعیرانە. ئێمەی مرۆڤ ئەگەر چاوەکانمان ناعەدالەتییەکانی سەرجەم جیهان نەبینن ئەوا دڵنیابن بینایمان لە پێڵو خاڵین!
کام یەک لە ئێمە کە گوێبیستی داپڵۆسینی خەونی هەبوونی منداڵان و بە تایبەتی کچان دەبین دەتوانین بیر لە نیگا و وێنای ئەو مەخلوقاتە بێتاوانانە نەکەینەوە و هزری ڕەخنەگرانەمان لە کایە دەست بەسەردا گیراوەکانی ئەواندا نەخەینە تێفکرینی قوڵ و پرسیارگەلی هەمەجۆر چ لە خۆمان و چ لەو حکومەتەی ئاوڕێک ناداتەوە لە زیندە بە چاڵکردنی ڕۆحیان و چ لە ڕێکخراوە جۆراوجۆرە دەوڵەتی و مەدەنییەکان ناکەین؟
هەنوکە لە زۆرینەی پارچە جیاجیاکانی جیهان هەوڵ بۆ لەناوبردنی دەستدرێژییە نائاساییەکان دەدرێت، کە بۆ سەر جیهانی منداڵان و خودی منداڵان بەکاری دەهێنن و سەرەڕای ئەوەش مەخابن هەمیشە کەسانگەلێک هەن، کە بە نەخۆشییە دەروونییە شاردراوەکانیانەوە دەناڵێنن و کارە قێزەونەکانی خۆیان بۆ هەر مەرامێکی نەگونجاو بێت ئەنجام دەدەن و دەستی چڵکنیان بۆ سەر خەون و جەستە و ڕۆحی پەپوولەکان درێژ دەکەن!

لێرەدا ئەوەی گرنگە تیشکی بخرێتە سەر شێوازی بیرکردنەوەی کۆنەپەرستیانەی هەندێک مرۆڤی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، کە بە ئەندازەیەکی زۆر تا ئەم ساتەش کە جیهانی مۆدێرنە لە گلۆبالیزم و تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکاندا خۆی وەدی دەکات ئەوان تازە هەنگاوەکانیان بەرەو دواوە دەچێت و لە بازنەیەکدا گیریان خواردووە، کە دەتوانرێت لە قالبی گەندەڵی و نەخوێندەواریدا بشوبهێنرێت. هۆکاری ئەم بازنەیەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی سەرەکی و هەندێکیش لەو فاکتەرانە دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازی کردن لە نێوان

ڕەگەزی نێر و مێدا و فەرامۆش کردنی مافەکانی مێینە بەتایبەتی و هەردوو لایان بە گشتی، مەسەلەی تایەفەگەری و خێلایەتی، تێکەڵ کردنی ئایین بە کەلتور و سیاسەت و لاوازی بنەمای ئابوری دەوڵەت و هەژاری و نەداری لە ولاتانی جیهانی سێهەمدا.

ئەم هۆکارگەلانە وا دەکەن، کە ئەو مرۆڤانەی لەو ناوچانەدا جێنشینن هەر لە سەرەتاوە ناچاربکرێن کە سەر بۆ گشت بۆچونێکی خوار و خێچ و نابەجێ دابنەوێنن و سەری بەلێی بۆ بلەقێنن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕێگایان پێ نەدراوە و دەرفەتیان نەبووە جیهان  تا حەدێکی گونجاو موتالا بکەن و لەگەڵ چەند بۆچونێکی تردا کە پەیوەست بێت بە چۆنێتی ئەتەکێتی ژیان بردنەسەر بکەونە ئاخافتنێک کە چەند پلەیەک لەوانەی خۆیان بڵندتر بێت.

کچ بە زۆر بە شودان بڕگەیەکی سەرەکی ئەم ڕاپۆرتەیە، کە هەرگیز ئەمە شتێکی نوێ نەبووە و لەو بڕوایەشدام ئەگەر یارمەتیدانیان لە کز بووندا بێ و بڕوا بوونیان بە خۆیان بەرەو لەناوچون بڕوات و خۆیان بە خۆراکی دەستدرێژکەران بزانن ئەوا وەزعیان بەرەو خراپتر دەڕوات.

شایەنی باسە کە تا ئێستا زیاتر لە 51 ملیۆن ژن لە سەرانسەری جیهاندا بە زۆر ژیانی هاوسەرگیریان پێ دروست کراوە و ئەمەش زیاتر لە ولاتانی کیشوەری ئاسیادا بەدی دەکرێت وەک لە هندستان، پاکستان ، ئەفغانستان و کوردستان. لە شاری ڕەجاستان کە دەکەوێتە هندستانەوە زیاتر لە 15% ی ئەو کچانەی بە تۆپزی دەدرێن بە شو و دەفرۆشرێنەوە منداڵن و تەمەنیان لەژێر دە ساڵاندایە.

ئێمە کە ڕۆژانە دەبینین و دەبیستین بە لێشاو چەندان گوڵ هەڵدەوەرێن پێویستە وەئاگابێینەوە و چیتر ڕێگا نەدەین، کە منداڵان و ئافرەتان ببنە قوربانی باری دەرونی و سایکۆلۆژی شێواوی مرۆڤەکانی دیکەو چیتر ویژدانمان قبوڵی نەکات کە منداڵان لە سەرانسەری جیهاندا ببنە قوربانی ئارەزووەکانی کەسە گەورەکانی چواردەوری خۆیان. دەبێت وەک ئەرکێکی مرۆڤایەتی بەبێ هیچ ڕتووشێک سڵ لە یارمەتیدان و شرۆڤەکردنیان نەکەینەوە. ئێمە دەکرێت دواجار دەنگی خۆمان بکەین بە یەک و لە پێناوی بنەبڕکردنی هەلوەراندنی خونچە گوڵەکاندا و دژایەتی تەواوەتی هەموو جۆرە مامەڵەیەکی دڕندانە بکەین کە دژ بە مرۆڤایەتی دەکرێت. ناکرێت ئێمە خەم ساردانە لە ماڵەکانی خۆمان دابنیشین و تەنها بڕوانینە مامەڵە نامرۆیی و توند و تیژەکانی دژ بە خانمان و منداڵان و هیچ کاتێک هەوڵ نەدەین بۆ بە پراکتیزە کردنی سیستەمێکی سیاسی و کۆمەلایەتی بۆ پاراستنی خەونە ساکارەکانیان.

ئێمە کاتێک بە مرۆڤ بوونی خۆمان دەسەلمێنین، کە بتوانین بازرگانی کردن بە مرۆڤ و کۆیلایەتییەکانی هاوچەرخ و دەست درێژ کردن بۆ سەر منداڵانی خوار و سەر و تەمەنی یاسای فەشەل پێ بهێنین. ئێمە نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە ئەو ولاتانەی دەرامەتی ئابورییان بەهێزە بەرپرسیارێتییەکی زۆریان دەکەوێتە ئەستۆ ، بەلام پرسیار لەوەدایە ئێمە وەک مرۆڤ دەتوانین وەک کارێکی جدی هەر یەکەمان لە لەلای خۆمانەوە چی بکەین و کەی دەتوانین بیخەینە ئاستی جێبەجێ کردن بە نۆرمێکی گونجاو! وەلێ کۆمەڵگەش هەموو کات ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت چونکە ئێمە ناتوانین وەک مرۆڤ دڵنیا ببین، کە تا چ ئەندازەیەک پابەند دەبن بە داواکارییەکانمان و پشت گوێی ناخەن و بچوکترین ئامادەیی خۆیان دەردەخەن بۆ چارەسەرکردنی دەستدرێژی و چەوساندنەوەکان!

ناکرێت ئەوەش لەبیر خۆمان ببەینەوە کە ڕێژەیەکی زۆری هەژارانی ئەم کەوکەبە ژنی منداڵن و دیارە زۆربەیان لەژێر تەمەنی دوازدە ساڵانن بەتایبەتی ئەو کچانەی بە زۆرە ملێ ی دەدرێن بە شو و دەست درێژ سێکسییان دەکرێتە سەر.

ئەو ولاتانە پێویستیان بە دەستورێک هەیە کە جەخت بکاتەوە لەسەر سەقامگیرکردنی مافەکانی ئافرەت و ولاتەکەی خۆشمان دەبێت یەکەم ولات بێت کە پشتگیری لە مافەکانی ئافرەت بکات و تەنها چەند وشەیەکی باق و بریق نەنوسن لەسەر پارچەیەک کاغەز و دواتر وەلا بنرێت!

پێویستە لەسەر هەر تاکێک کە هەوڵ بۆ وەدەست هێنانی یەکسانی لە هەوڵ و کاردن و ئەرک کێشاندا بدات تا چیدی مافەکان فەرامۆش نەکرێن. دەبێت کۆمەڵگە ڕۆشنبیر و دەست ڕۆشتووەکان بەرپەرچی پێشیلکاریی و توندوتیژییەکان بدەنەوە. ئەرکی دەوڵەتیش پاراستنی ئاسایش و پاراستنی ژیانە بۆ ئەوەی چیتر منداڵان و ژنان بە تایبەتی ڕەگەزی مێینە بەکارنەبرێن و بە چاوی نێچیر سەیریان نەکەن.

ژنان و کچانی لاو و منداڵانیش ئەگەر مەبەستیانە بمێننەوە و سەری خۆیان هێندەی تر بڵندتر ڕابگرن و خۆیان لەوروژمی کۆنەپەرستی و پیاوسالاری و توندوتیژی ڕزگار بکەن پێویستە هەوڵی بەدەست هێنانی مافە یاساییەکانی خۆیان بدەن و لەسەر سیستمی پشت بە خۆبەستن و گەشە پێدانی توانا و بەهرەکانیان بەردەوام بن. ئەوەش تاقە ڕێگایە بۆ چەسپاندنی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و دادپەروەری مرۆیی، ئاشکرایە ئەمەش پێویستی بە پرۆسەی ڕۆشنگەرییەکی گشتی هەیە تا هەر تاکە و مافەکانی خۆی بناسێ و پێی نامۆ نەبێت.

دیسەمبەری 2007

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

* غوڵام و موحەمەد وتارێک بوو ڕیکەوتی 19 ی دیسەمبەری 2007 لە ڕۆژنامەی
http://avisen.dk/11aarige-ghulam-maatte-gifte-sig-gammel-181207.aspx
nyhedsavisen
لە نووسینی ڕۆژنامەنوسی دانیمارکی میکایل س. لوند بلاوکرابووەوە.

* وێنەی ڕۆژی مارەکردن و گواستنەوەی غوڵام و موحەمەد لە هەمان ئارتیکل وەرگیراوە و ئەو وێنەیە بە کامێرای خاتوو
Stephanie Sinclair گیراوە.

* بۆ دەستکەوتنی زانیاری لەسەر ڕێکخراوی یونیسێف تکایە لەسەر تۆڕی ئینترنێت ئەم لینکەی خوارەوە داغڵ بکە.
www.unicef.com